**بەرنامەی دەنگی رەسەن و بانگەوازێك**....!  فەخرەددین تاهیر

ئەوەی شیاوی گوتنە کوردستان هەتا هەنوکە نەبۆتە خودان دەولەتێکی سەربەخۆ ، کەچی هەتا ئێستاکە خودان چوار کەنالی تەلەڤزیۆنی سەتەلایتی خۆیەتی. بێگومان ئەمەشیان جێگەی دڵخۆشی گشت لایەکمانە. لـــــــەو باوەڕەشدام لەداهاتووێکی نزیکدا چەند کەنالێکی تازەی دیکەی بەدواوە بێت. وەلێ ئەوەی جێگەی باس بێت هەنوکە ئاماژەی پێبدەم ،ئەوەیە ماوەیەکە کـــــــەنالی چوارەم کەوتۆتە گەڕ، کە بریتیە لە{ تەلەڤزیۆنی میزۆپۆتامیا} کە ئەم کەنالەش ماوەیەکە پەخشی خۆی لە ئەوروپا دەست پێکردووە .
ئەز وەك هونەرمەند و ڕۆژنامەوانێك ماوەیەکە سەرقاڵی ئامادەکردنی بەرنامەیەکی هونەریم لە کەنالی ناوبراو دا ، کەتایبەتە بە ژیانی سترانبێژە رەسەنەکانی کورد ، کە بە بەرهەمە هونەرییەکانیان گەنجینەی سترانی رەسەنی کوردییان تژی کردووە و مێژوویێکیشیان بۆ مێژووی سترانی رەسەنی کوردی دروست کردووە . بەرنامەکەمان بەنێوی { دەنگی رەسەن } هەر دوو هەفتە جارێك لە کەنالی { تەلەڤزیۆنی میزۆپۆتامیا} بڵاودەبێتەوە .
بۆ ئاگاداری بینەرانی خۆشەویست لەهەرکوێبك بن ، یەکەمین بەرنامەمان لە ڕۆژی سێ شەمە کاتژمێری هەشتی ئێوارە[ 8] بەکاتی ناوەندی ئەوروپا لە رێکەوتی{ 2004.01.13 }دا بڵاو دەبێتەوە .هەمان بەرنامە کاتژمێری {7}ی ئێوارەی ڕۆژی هەینی رێکەوتی {2004.01.16}دا، دوبارە بڵاو دەبێتەوە. یەکەمین بەرنامەی { دەنگی رەسەن } تایبەتە بە یادی[ مامۆستا تاهیر تۆفیق] ی نەمر.. تکایە ئاگاداربن ، لەگەڵ رێز و سوپاسمدا ...
سەرنج : هەر بینەرێکی بەرێز بخوازێت ئەم کەنالە سەیر بکات، دەتوانێت بەهۆی ئەم ئەدرێسەی لای خوارەوە کەنالەکە بدۆزێتەوە :

metv
Hotbird 4 , Transponder 117,
Horinzontal Polarization
Frequency: 10.853 mhz,
13 derece Rojhilat

e.mail: www.metv.dk

----------------------------

تێبینی : تکایە دوای بینینی یەکەمین بەرنامەی { دەنگی رەسەن} ، بەتێبینی و سەرنج و رەخنەکانتان بەرنامەکەمان دەوڵەمەندتر دەبێ . بۆ ئەم مەبەستەش دەتوانن بەم ژمارە تەلەفۆن و فاکس و ئێمیلەمان پـــەیوەندیمان لەگەڵ دابنێن .دوبارە لەگەڵ رێز و سوپاسمدا ....

TEL : 0046.8.656.20.38
Fax  : 0046.8.656.79.19
e.mail: fakhraddintahir@hotmail.com